




# کراسی کراوە
# لە مۆدە جوانەکانی ئەمساڵ

مۆدەکانی جلوبەرگ شێوازێکی دیکە لەخۆ دەگرێت، ئەمەش لە ڕێگەی ئامادەکردنی مۆدەیەکی تازە لە کراسە ناسکەکان، ئەوانەی خانمان وەك فریشتەیەك دەڕازێننەوە و جوانییەکی گەورە بە جەستەی خانمان دەبەخشێت، هەر کراسێك یان بەدڵلەیەك جوانییەکی تازەی هەیە، ئەوەی باسی دەکەین مۆدەیەکە لە کراس دەکرێت لەلایەن خانمان و بووکان بپۆشرێت.

بەشی سەرەوەی کراسەکە کراوەیە و یاخود بە تەلێکی ناسك بۆ سەر مل دەبەسترێت، لەگەڵ بوونی چەندین نەخشی جوان لە بەشی خوارەوەی کراسەکە، ئەمەش بۆ سەرەنجراکێشان و ناسکی، مەرج نییە لە ڕەنگی دیاری کراو بێت، بەڵام زیاتر لەم ڕەنگانە دەنەخشێنرێت : سپیی – شین – وەنەوشەیی – پەمەیی کاڵ. ئەم ڕەنگانەش جوانی دەداتە ئەو جۆرە کراسە و لایەنێکی جوانی دەبەخشێت بە جەستەی خانمان.

# دیکۆری سەرین بۆ ژووی دانیشتن و نووستن

جوانی ماڵ یەکێکە لەو ئەرکە گرنگانەی لە ئەستۆی گشت خانمێکە بۆ ئەوەی ماڵێکی پاك و بەرچاوی هەبێت، گشت بەشێك لە ماڵ جوانی تایبەتی هەیە و لەوانەش دیکۆرەکان و گشت ئەو جۆرە کەرەستانەی لە ماڵ دادەنرێن، بەتایبەت ئەوانەی زیاتر لەبەرچاون و بەکاردەهێنرێن. ئەوەی مەبەستمانە بریتییە لە (سەرین) بۆ شوێنی دانیشتن و ژووی نووستن.

گرنگی جوانی سەرین لە شێوە و جوانی ڕەنگەکەیەتی، لەگەڵ ئەو جۆرە قوماشەی لێوەی دروست دەکرێت، ئەمانە دەبێتە هۆکارێك بۆ ئەوەی سەرین لە دوو شوێنی ماڵ بە جوانی دەربکەوێت، لەوانە لەسەر قەنەفەکانی ژووری دانیشتن، دانانی لەسەر شوێنی نووستنی ژووری نووستن، بەمشێوەیە دەتوانین سەرین دابنێین لە ژوورەکان بە پێ مۆدە :

-ژووری نووستن، (٤ تا ٥ ) سەرین.

- ژووری دانیشتن، (٥ تا ١٠) سەرین ئەمەش وەك دیکۆرێك بۆ جوانی، هەروەها بۆ دانانی وەك کەرەستەیەکی حەسانەوە.









# کورت و خاو مۆدەی داهاتووە

مۆدەکانی قژ هەر کاتێك لە شـــێوازێکی دیکە دەردەکەوێت، ئەمەش لە ڕێگەی مۆدە و دیزاینە تازەکان بۆ شێوازی تەسریحەی نوێ ئامادەدەکرێت، ئەگەر چی مۆدەکانی پێشـــوو لە قژی درێژ و مۆدەی تەسریحەی کراوە بوو، کەچی لە داهاتوو ئەو شـــێوازە ڕیتمێکی دیکەی لێوە دەردەکەوێت و مۆدەیەکی جوانتری لێوە دەردەکەوێت.

مۆدەی داهاتوو دەبێتە مۆدەی قژی کورت، بەڵام بە شـــێوازی خاو یان تەســـریحەی کراوە بۆ قژی کورت، ئەمـــەش مۆدەیەکی تازەیە و دەکرێت بۆ گشـــت جۆرە قژێك ئەنجام بدرێت، تەنیا ئەو جۆرە قژانەی لوولە لە سرووشتی بە زەحمەت دەتوانن سوود لەم مۆدەیە وەربگرن.

# تابلۆکان ماڵ جوانتر دەکەن





دیکۆری ماڵ بە گشت لایەنێك هێمایەکە بۆ جوانی و لێهاتوویی خانمان تاوەکو بتوانن جوانترین و ناسکترین دیکۆر لە ماڵ دروست بکەن، و ئەمەش بە هۆی ئەو هەنگاوانە دەکرێت کاتێك بە گوێرەی شـــوێن و کەرەستەکان دادەنرێت، یەکێك لەو کەرەســـتانەی گرنگی جوانیان هەیە بریتییە لە (وێنە و تابلۆکانی سەر دیوارەکان ناو ماڵ)!

دانانی وێنەی سەرەنجراکێش و تابلۆ ناسکەکان، دەبێتە ڕەنگدانەوەی جوانییەکی گەورە لە هەر شـــوێنێکی ماڵ، دەکرێت وێنە و تابلۆ بە دوو ڕێگە بەکاربهێنرێت لەوانە:


-هەڵواســـینی وێنە و تابلۆ لەســـەر دیوارەکان، ئەمەش بەپێی ئەو شـــوێنەی دەگۆڕێت وەك دەکرێت لە کۆڕنەیەك یان لایەکی سەرەکی هەڵواسرێت.

-دانانی وێنە و تابلۆ بەبێ هەڵواســـین، واتە وەك دیمەنێك لە شـــوێنێکی ماڵ دابنرێت، نموونە دانانی وێنەی بە ژێرەوە (قاعدە) لە هەر شـــوێنێك پێویســـتی بە وێنە و ڕازانەوە بێت.

ئەمـــەو چەندین جۆری وێنە هەیـــە لەوانە : وێنەی سرووشـــتی، گیانداران، خەیاڵی، گشـــت لەم وێنانـــە جوانییەکی تەواوی خۆی هەیـــە و دیکۆری ماڵ دەڕازێنێتەوە.








# نمایشی ئازاردانی جەستە

نمایشـــە ســـەیرەکان بەردەوامن و هەر نمایشێك وەك رێگەیەکـــە بۆ وەرگرتنی نازناو و هەنگاوە ســـەیرەکان، ئەوەی دەیبینن نمایشێکی دیکەیە لە ئازاردانی جەستە، کەچی لەلایەن خۆیان بە بەهرەکانی جەســـتە ناسراوە بۆ ئەوەی نازناوێکی گەورەی پێوە وەربگرن. لە نمایشێکی گەورە و ســـەیر لە وڵاتی تایلانـــد ئەنجامدرا، نزیکەی (٢٠) کەس بەشـــداریان تیایدا کرد لە ئازاردانی جەستە بەبێ ئەوەی ئازارێکیان پێبگات.

وەك لە وێنەکاندا دەبینن چەندین کەرەستەی تیژ وەك موشـــار، دار، لە دەمیان چۆتە ژوورەوە و لە شوێنێکی دیکە هاتۆتە دەرەوە، بەمەش دەبێتە ســـەیرترین نمایش بەبێ ئەوەی ئازارێکیان پێبگات، بۆیە دەبێتە سەیرترین نمایش بۆ ئازاردانی جەستەی مرۆڤ!



# ١٠٠ دۆلار دەکاتە فەردەیەک پارەی ئەو وڵاتە



گشت وڵاتێکی جیهان خاوەن جۆرە دراوێکە بـــۆ ئاڵۆگۆڕکردن و کڕین و فرۆشتنی شتومەك، هەر دراوێك شێوە و بەهایەکـــی تایبەتـــی خۆی هەیە، ئەمەش جیاوازی دروســـت دەکات لە بەهای ئەو دراوانـــە، ئەوەی دەیبینن دراوی وڵاتـــی (زیمبابۆی)یـــە و بە بـــێ نرخترین دراو دادەنرێت لە جیهان، چونکە ڕێژەیەکـــی زۆری هەیە و بە بەهایەکی کەم دادەنرێت.

وەك لـــە وێنـــەکان دەبینـــن چۆن (١٠٠) دۆلاری ئەمەریکی بەرامبەرە بـــەو کۆمەڵە پارەیەی ئەو وڵاتە، واتە ئەگەر بتەوێت خانوویەك بکریت دەبێ نزیکەی ئوتۆمبێلێکی بارهەڵگر پارە ببەیت. بۆیە بە بێ بەهاترین دراو دادەنرێت و فەردەیەك لەو پارەیە ناکات بە وەرەقەیەك دۆلار!





# کچەکەی سەرۆکی تورکیا به سەرپۆشی شووی کرد

دوای چەندیـــن هەنگاو لە وڵاتی تورکیا بۆ ئەوەی ســـەرپۆش و باڵاپۆش نەمێنێت، لەگەڵ هەنگاوەکان ناگەن بەو ئەنجامە پێویستەی ئەو لایەنە کەم بکەنەوە، لەگەڵ ئەوەی تورکیا وڵاتێکی نموونە ئەوروپییە بۆیە ئێســـتا بۆتە جێگەی مۆدە و جلوبەرگ، ئەوەی سەیر بێت دوای پێشبینییەکی زۆر لەوەی کچی سەرۆك وڵاتی تورکیا لە ڕۆژی ئاهەنگی گواستنەوە بە جلێکی جوان و سەیر دەربکەوێت.

کەچی کچی سەرۆکی تورکیا عەبدولا گول لە ڕۆژی ئاهەنگی بووکینی بە سەرپۆش دەرکەوت، ئەمەش بووە جێگەی سەرسوڕمانی گشت خەڵکی ئەو وڵاتە، وەك لە وێنەکەدا دەبینن چۆن خانمە بووك سەرپۆشە و دەستی باوکی ماچ دەکات.





# مەیموونەکانیش جوان دەکرێن

کاری جوانکاری لەم زەمانە بۆ گشت گیانلەبەرێك دەکرێــت و کارەکانیش بە ڕێگەیەك دەبن بە حاڵەتی سەیر بۆ ئەوەی شتی تازە دەربکەوێت و جوانییەکی گەورەی هەبێت، ئەوەی دەیبینن گیانداری مەیموونە بــە چەندین ڕێگە کاری جوانــکاری و ڕازانەوەی جەســتەی بۆ کراوە بۆ ئەوەی لە شــێوەی مرۆڤ زیاتر نزیك بێت و، شێوەی وەك مرۆڤێك بێت. ئەمــەش کاری پیاوێکی نمایــش ئامادەکارە لە وڵاتی ئەمەریکا بە ناوی (فرینزۆ ئێدوارد)، بەمەش توانی لە ئەنجامی کارەکانی چەندین شێوەی سەیر دەربکەوێنێت لە شــێوەی مەیموون، بە جۆرێك تەواو لە شێوەی مرۆڤ بچێت.



# کراسێکی بووک بەیەک ملیۆن دۆلار

جلوبەرگە ســەیرەکان ڕۆژان دەردەکەون هەر یەکەش شــێوەیەکی سەیر و جوانی هەیە، بەتایبەت کراســی بووکان، چونکە دەبێ جوان و سەرەنجڕاکێش بێت، ئەوەی دەیبینن یەکێکە لە کراسی بووك، بەڵام شێوەیەکی دیکەی هەیە و جیاوازە لە هەر کراسێك، ئەو جۆرە کراسە لە تولەی تاوس دروست کراوە.
کراسەکە لە (٢٠٠٠) پەڵەمووچەی تاوس نەخشێنراوە و شێوەیەکی جوانی هەیە، نرخی ئەو کراسە دەگاتە ١ ملیۆن دۆلار، بۆ دروست کردنی کراسێکی لەم جۆرە ماوەی (٢) مانگی پێویستە تاوەکو تەواو دەبێت، ئەمەش یەکەم کراسە لە جەستەی تاوس دروست کرابێت.

# دوای ١٥ ساڵ هێشتا لە چاوەڕوانی درێژبوونی سمێڵەکەیەتی

ئەوانەی حەز بە ســمێڵ دەکــەن دەتوانن ســمێڵەکانیان درێژ بکەن بە درێژایی کات، ئەمەش چاوەڕوانییەکی زۆری دەوێت بۆ ئەوەی ســمێڵ درێژ ببێت، وەك ئەو پیاوەی دەیبینن خاوەن ســەیرترین و درێژترین سمێڵە، بە درێژایی چاوەڕوانی (١٥) ســاڵ لە نەبڕینی ســمێڵەکەی (فرناندۆ کالیس) چاوەڕوانی کرد بۆ ئەوەی سمێڵەکەی بەو شێوەیە بگات.
ئــەو پیاوە خەڵکی وڵاتی ئیرلەندایە و ڕۆژانە خەریکی خزمەت کردنی ســمێڵەیەکەیەتی، درێژی ئێستای ســمێڵی دەگاتە (٣٠) سەنتیمەتر و هێشــتا لە چاوەڕوانی زیاترە بۆ ئەوەی ژمارەیەکی پێوانەیی تۆمار بکات لە درێژترین سمێڵ.






## ئەوە شێرە یان گوێدرێژە!

چەندین جۆرە گیاندار هەن بۆ ئەوەی مەترسییان هەبێت لەسەر مرۆڤ، واتە هەندێکیان گیانداری ترسناکن و ئەوانەی دیکەش دۆستە لەگەڵ مرۆڤ، گشت کەسێك گیانداری شێر دەناسێت، ئەمەش بە شای دارستان و ترسناکترین گیاندار دادەنرێت، ئەوەش لە مەترسی بەهێزی ئەو گیاندارە بە جۆرێك دەتوانێت مرۆڤ بە تەواوی بخوات.

باخچەیەکی ئاژەڵان کراوەتەوە پێچەوانەی ئەو قسانەی سەرەوەمانن، چونکە لەو باخچەیە دەتوانیت بچیتە سەر پشتی شێر، ئەمەش لە وڵاتی ئەرجەنتین کراوەتەوە و بۆ گشت کەسێك دەتوانێت بۆ خۆشی سواری پشتی شێر ببێت بەبێ ترس!

## سەیرترین (٢) جۆرە ماسی دۆزرایەوە

دۆزینەوەی گیاندارە سەیرەکان ڕۆژانە دەردەکەون و ئەمەش لە ڕێگەی ڕاوکردن و دۆزینەوەیان لەنێو شوێنە شاراوەکانی جیهان، چەندین جۆری ماسی هەیە، ڕەنگە جۆرەکانی ماسیی ژمارەیان بگاتە هەزارەها بە شێوەیەك مرۆڤ ناتوانێت بیانناسێتەوە، ئەوەی دەبینن لەم دوو وێنەیە بریتییە لە سەیرترین دوو جۆرە ماسی تا ئێستا بینرابێت.





ماسی یەکەم خاوەن جەستەیەکی بە بریقەیە و وەك جلو بەرگی ئافرەتان وایە ئەوەی بە پوولەکە ناسراوە، لەگەڵ ئەوەشدا جەستەی وەك جەستەی ماسی دیکە وایە بەبێ جیاوازی، ماسی دووەمیش شێوەیەکی ترسناك و سەیری هەیە، لە شێوەی قژ و پێڵاوی ئافرەتان دەچێت، ئەوەی سەیری بکات هەرگیز باوەڕ ناکات ئەوە ماسی بێت!

## باوکێک بە ٢٠٠ دۆلار ٤٢ منداڵی بەخێودەکات



ئەوەی سەیری ئەو وێنەیە بکات، وادەزانێت وێنەیەکە لە پۆلێکی قوتابخانە وەرگیراوە، کەچی ئەو کۆمەڵە منداڵە خوشك و برای یەکترن، گشتیان منداڵی کەسێکە. هاوڵاتییەکی وڵاتی سووریا بە ناوی (مەحەمەد مەلا ساڵح، ئێستا بۆتە باوکی (٤٢) منداڵ، گشتیان منداڵی خۆیەتی و ئەمەش لە ڕێگەی هەر (٥) هاوسەرەکانی، دووان لە هاوسەرەکانی تەڵاق داوە و ئێستاش لەگەڵ (٣) ئافرەت دەژییێت.

ئەو پیاوە تەمەنی (٥٩) ساڵە و تا ئێستاش حەزی لە منداڵی دیکەیە بۆ ئەوەی ژمارەیەکی پێوانەیی تۆمار بکات لەوەی زۆرترین منداڵی هەبێت لە جیهان، ئەوەی سەیر بێت مووچەی ئەو پیاوە تەنیا (٢٠٠) دۆلارە و کەچی تاوەکو ئێستا ئەو کۆمەڵە منداڵەی بەخێوکردووە!

## بچووکترین سەگ!

گیانداران هەر یەکە شێوە و قەبارەیەکی دیاری کراوی هەیە و بە جۆرێك جیاوازیان هەیە نێوان جەستەیان، بەڵام هەندێك جار لە شێوە تایبەتییەکەیان دەردەچن و قەبارەیەکی دیکە وەردەگرن، بەمەش دەتوانن حاڵەتێکی سەیر دروست بکەن و ببێتە جێگەی سەرسوڕمانی مرۆڤ، ئەوەی دەیبینن بچووکترین سەگە لە جیهان، بەم دواییە دەرکەوتووە !

یەکێك لە دوورەوە سەیر بکات، وادەزانێت مشکە یان جۆرجێکی گەورەیە. درێژیی ئەو سەگە لە سەری تاوەکو کلکی تەنیا (٨) سەنتیمەترە و، لەگەڵ (٣٠٠) گرام لە کێشی جەستەی، وەك دەبینن لە نێو دەستی مرۆڤدا ون دەبێت و جێگەی دەبێتەوە لەناو کوپێکی ئاو خواردنەوە.





## زمانی ئەو گەنجە لاستیکە

هەندێك کەس هەن خاوەن چەندین بەهرەن، یەکێك لەو بەهرانە بەهێزی جەستە یان بەشێك لە جەستەیە، ئەمەش دەوەستێت لەسەر ئەو کەسەی خاوەن لایەنێکی بەهێزە لە جەستەدا، ئەوەی دەیبینن وینەی گەنجێکە توانیویەتی زنجیرێکی درێژ بە زمانی هەڵواسێت بە هێزیش رایبکێشێت، ئەمەش حاڵەتێکی ترسناکە رەنگە ئێمە بڵێین زمانی دێتە دەرەوە و دەپچڕێت.

کەچی ئەو حاڵەتە لەلای ئەو گەنجەی وڵاتی بەریتانیا شتێکی ئاساییە و بەبێ ئەوەی ژانی پێبگات، ئەو گەنجە ناوی (جیرۆم نایکس)ە و خاوەن بەهێزترین زمانە، ئەوەی سەیر بێت دوای چەندین نمایشی تایبەت هیچ زیانێك لە زمانی نەگەیشتووە و سەلامەتە!

## مۆدە درێژەکانی نینۆکی قاچ!




مۆدەی تایبەت بە خانمان و ئافرەتان چەندین لایەن و لقی لێوە پەیدابووە و هەر یەکەش مانایەك دەبەخشێت لە جوانی، لەگەڵ ئەوەشدا چەند مۆدەیەك دەبێتە لایەنێکی سەیر لە ژیانمان، بەجۆرێك مۆدەکان کارێکی سەیر تۆمار دەکات، ئەوەی دەیبینن چەندین مۆدەی نینۆکەکانی پەنچەی قاچە، زانیومانە درێژکردنی نینۆکی پەنجەکانی دەست مۆدەیە، کەچی ئەو مۆدەیەی قاچ دەبێتە مۆدەیەکی تازە و سەیر.

وەك لە وێنەکاندا دەبینن چەندین نینۆکێکی پەنجە وێنەی گیراوە و، هەر یەکەش درێژییەکی تەواوی هەیە، ئەو مۆدەیە تەنیا لەگەڵ پێڵاوە کراوەکان دەبێت، بەهۆی ئەو درێژییەی هەیەتی، رەنگە لە داهاتوو ببێتە مۆدەیەکی بڵاو لە زۆربەی وڵاتانی جیهان!



# کەلــــوەکـــان




**کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩**

یادگارییەکانی تەمەنت بەشێکەی زۆری بیرکردنـــەوەت پێك دەهێنن، بەڵام بزانـــە لەداهاتوودا یادگاری زۆر خۆشـــتر دێنە ناو ژیانت، ئەو خۆشەویســـتییەی ماوەیەکی زۆرە بەدوای دا دەگەڕێـــی بەم نزیکانـــە دەی دۆزیتەوە، نامەیەکی پڕ لەنهێنیت بۆ دێت.




**گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠**

ئەم هەفتەیە چەند گۆڕانکارییەك روودەدەن لەژیانت، بـــەڵام دڵنیابە لەبەرژەوەندی خۆت دەبێت، ئەگەر هەستی خۆشەویستیت هەیە بەرامبەر کەسێك و پێـــت نەگوتووە ئەوا باشـــترە پێی بڵێی، خۆشەویستی ژیانت دەگۆڕێت.



**دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠**

وەڵامی هەموو ئەو پرسیارانە مەدەوە کە تایبەتن بەژیانی تایبەتی خۆت، لەبەرئـــەوەی نابێت هیـــچ کاتێك وابکـــەی خەڵك گشـــت نهێنییەکانت بزانێت، کەسێکی نوێ دێتە ناو ژیانتەوە و بەچاوێکی تر سەیری ژیان دەکەی.




**قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢**

ئەوەنـــدە لەخۆبایـــی مەبە کاتێك دەوروبەرەکەت بەباشـــی باســـت ئەکەن،پێویســـتە بەردەوام بیر لەباشترکردنی خۆت بکەیتەوە، ئـــەم ماوەیە کاری زۆرت دەبێت و ســـەرقاڵ دەبیت، ئەمەش لەوانەیە دڵی کەسانێکت لێ بڕەنجێنێت.



**شێر ٣/٢٣ - ٨/٢٢**

راشکاوانە قســـەی خۆت بکە و خۆشەویســـتی خۆت بۆ کەسی بەرامبـــەرت دەربـــڕە ئەگەر نا دواتر پەشـــیمان دەبیتەوە. پێویســـتە بزانی بەخت کاریگەری زۆرە لەســـەر سەرکەوتنی پرۆژەکانت، بۆیە هیـــوا بۆ بەختێکی باش بخوازە.



**گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢**

گەیشـــتن بە خەونەکانت پێویستی بە ماندووبـــوون و هەوڵدانێکی بێ وێنە هەیە، بۆیە ئەگەر ئارەزووی بەدیهێنانیان دەکەی پێویســـتە هیچ کاتێك بێ هیوا نەبیت،گەشـــتکردن لەم هەفتەیە پێویستە بۆ ئەوەی هەندێك پشوو بدەی.

ئا/ هێمن قەسرەیی



# دوو کەس لە شێوەیەکدا!

ئەگەر سەیرێکی ئەم وێنەیە بکەن، شتێکی جوانی لێوە بەدی دەکرێت، چونکە لەم وێنەیە خانمێکی جوان و قەشەنگ دەبینیت ! خانمەکەش تاجێکی لەسەرە و دیمەنی کچێکی جوانە، هەوڵبدە هەر دوو شێوەکە ببینیت دوو کەس لە خۆ دەگرێت و هەر یەکەش بە شێوە و رووخسارێك، ئێستا وێنەی ئافرەتێکی بەتەمەن دەبینن خاوەن لووتێکی گەورەیە و قژێکی کراوەی هەیە، بەڵام ئەگەر گۆڤارەکەی ژێر دەستت سەراوژێر بکەیت بۆ سەیر کردنی ئەو وێنەیە، .

# ئەوە منداڵە یان خانمێکی گەورەیە!

ئەوانەی تووشی نەخۆشی گەشە نەبوون دەبن لە جیهاندا، رێژەیەکی بەرچاویان هەیە بە پێ ئەو ئامارانەی لەلایەن دەزگا تەندرووستییەکان ئامادەدەکرێ،، یەکێك لەوانە ئەو خانمەیە لە وڵاتی هیندستان دەژییێت و شێوەیەکی زۆر بچووکی هەیە.

ئەو خانمە ناوی (جیوتی ئەمیج)ە و تەمەنی (١٤) ساڵە، کەچی درێژی باڵای تەنیا (٥٨) سەنتیمەتر دەبێت، لەگەڵ کێشی گشتی جەستەی دەگاتە (٥) کیلۆگرام. تا ئێستاش بە کورترین خانم دادەنرێت لە جیهان!



## بۆ ئاســـــوودەیت

☺ - مامۆستایەك بە قوتابییەك دەڵێت : بۆم بنووسە (سابوون)..
ئەویش دەنووسێت : صابون !!
مامۆستاکە دەڵێت : بە (س) بنووسە نەوەك بە (ص) ..
قوتابییەکـــەش دەڵێت : بۆ مامۆســـتا ئەگەر بە (ص) بنووســـم کەف ناکات!

☺ - کوڕێك بە کچێك دەڵێـــت : چی دەکەیت ئەگەر ماچێکت بکەم ؟! کوڕەکەش وای دانابوو کچەکە قســـەیەکی توند و ناخۆشی پێبڵێت .
دواتر کچەکە گوتی :
حـــەددت چییە ماچم دەکەی، ئەگـــەر ماچێکم بکەی منیش (١٠٠) ماچت لێدەکەم!

# رێگایەک لە ئاگر

کارە سەیرەکان رۆژانە دەردەکەون، هەر یەکەش بەپێ ئەو کەسانە دەبێت ئەوانەی دەیانەوێت لە رێگەی نمایشێك ببن بە خاوەنی نازناوێکی سەیر و گەورە، ئەوەی دەیبینن بریتییە لە نمایشێکی تایبەت بۆ رۆیشتن بە رێگایەکدا کە خەڵووز یان رەژووی داری سووتاوی تێدایە.



ئـــەو وێـنـــەیـــە لـــە وڵاتـــی هیندستان گیراوە و لە کاتی نمایشی رۆیشتن بەسەر شوێنی ئاگرێك بەر لە چەند خولەکێك کوژاوەتەوە، ئەوانە دەبێ شێت بن یان تەواو!


## ترسێکی خۆش

پیاوێك زۆر رقی لە ژنەکەی خـۆی دەبـێـتـەوە و رۆژێـکـیـان پێدەڵێت : حەز دەکەی بمریت یان چی؟!

ئـافـرەتـەکـەش دەڵـێـت: بۆ وادەڵێت، پێتخۆشە یان ناخۆشە یـــان دەتـرســـی، ئـــەو قسـەیـە دەکەی؟؟!!


پیاوەکەش دەڵێت : نا ئافرەت حەز ناکەم، لەوە دەترسم ئەگەر تـۆ بمریت منیش لـە خۆشیان تەواو بم!

# کەلـــوەکـــان




**تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢**

دوای تێپەڕبوونی ماوەیەکی ناخۆش بەهۆی لێکتێنەگەیشتنەوە ئەم هەفتەیە باودۆخی خێزانیتان ئارامییەکی باش بەخۆیەوە دەبینێت و، دەگەڕێتەوە باری سروشتی خۆت، ئەگەر خۆشەویستت نییە ئەوا کەسێك دڵت داگیر دەکات.



**دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١**

بەهۆی دڵپاکیتەوە زۆر بەڵێن بە دەوروبەرەکەت دەدەی، بەڵام ناتوانی بەجێیان بێنی،وا باشە کارێك نەکەی ببێتە هۆی ئەوەی خەڵك متمانەی پێت نەمێنێت. زیاتر بایەخ بە پتەوکردنی پەیوەندییەکانت بدە و سەردانی هاورێکانت بکە.




**کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١**

متمانەت بەخۆت هەبێت لەبەرئەوەی ئەو گرفتەی زۆر قورسە لای تۆ ئەوا بەو شێوەیە نییە و چارەسەرکردنی ئاسانە، خۆت دووربگرە لە ناکۆکی و بە دڵێکی فراوانەوە رەخنەی هاورێیەکت قبوڵ بکە کە تۆی زۆر خۆشدەوێت.



**گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩**

پێویستە زیاتر بایەخ بە چۆنیەتی خەرج کردنی پارە بدەیت لەبەر ئەوەی مەرج نییە هەتا سەر بەمشێوەیە پارەت زۆر بێتە بۆیە پێویستە بیر لەکاتی تەنگانە بکەیتەوە.بۆ خۆشبەختی هەوڵ بدە و دڵی خێزانەکەت خۆش بکە.



**گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨**

بە دڵێکی خۆشەوە پێشوازی لەم هەفتەیە بکە تێدایە، هەفتەیەکی زۆر خۆش و چاوەڕواننەکراوە و زۆر مژدە و هەواڵی خۆشی بۆ تۆ. هاوڕێیەکت پێویستی بەیارمەتی تۆ هەیە تۆش فریای بکەوە.



**نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠**

زۆر هەڵسوکەوتت کردووە بەرامبەر هاورێکانت و دڵی ئەوانت شکاندووە، بۆیە رۆژێك پەشیمان دەبیتەوە و باجی هەڵەکانت دەدەیتەوە. ئەوەندە لە خۆبایی مەبە،بەخت دەبێتە هاورێت و یادگارییەك ژیانت داگیر دەکات.

hemntoni@yahoo.com

ئا/ فەرهاد محەمەد ئاژگەیی




## ئاسۆیی:

١- دامەزرێنەر و سەرۆکی ئەمەریکابوو.
٢- هونەرمەندێکی کۆچکردووی کوردە.
٣- چەکێکی کۆنە- قژ- نیوەی ئازار.
٤- مێوەێکە(پ)- چوارپیتی ئاراس- ئیش(پ).
٥- سێ پیتی سەیر- چوار پیتی رونیو- فای(ت).
٦- ناوقەد- نەشەت(ت).
٧- شارێکی سویدیە(پ)- شاعیرێکی کوردبوو(پ).
٨- سێ پیتی خاجی- سامی(ت)- سێ پیتی- شوان.
٩- بای(ت)- قارەمانێکی کوردبوو(پ)- بێ ترس.
١٠- دووپیتی ران- کانزایەکە(پ)- بزر(پ).
١١- گۆرانیبێژێکی کوردە.
١٢- یەکەم سەرۆکی ئەفغانستان بوو.

## ستوونی:

١- خاوەنی کتێبی کورد لە سەدەی نۆزدە وبیستەمدا.
٢- گۆرانیبێژێکی کۆچکردووی کوردە.
٣- دووپیتی ورگ- ژێر(پ)- سەربەخۆ بە عەرەبی(پ).
٤-دەموچاو- دووپیتی ساوە- دوو پیتی کەو.
٥- بەرگ- شارێکە لە ئێران- دوو پیتی ژەم.
٦- شاعیرێکی ئەمەریکیە(پ)- گیانلەبەرێکە.
٧- رەوان(ت)- شارێکە لە سعودیە.
٨- دووپیتی هاشم- گۆرانییەکی بەهجەت یەحیایە- هار(پ).
٩-نەخێر- دووپیتی رەوا- دووپیتی چیا.
١٠-دووپیتی تار- فرۆکە(پ).
١١- گۆرانیبێژێکی کۆچکردووە خاوەنی وێنەی سەرەوە.
١٢-خاوەنی خێراترین گۆڵ لە جامی جیهانی.

## بۆ زاخـــاوی مێشک

بۆ زانینی ئاستی زیرەکیت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شێوە شیکارە بدۆزیتەوە..

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | | |

ئەم چوارگۆشانە بە پیت پڕ بکەرەوە کە لە کۆتایی ناوێکت بۆ دەردەچێت بتوانە لە ماوەی (٥) خولەکدا ناوەکە بدۆزیتەوە، ئەمەش وەك سوود وەرگرتن لەم ئاسانکاریانەی خوارەوە:

**ئاسانکاری**

- یتی خانەکانی (١+٢+٣) کۆ بکەیتەوە بە مانای (پیاو بە زمانی ئینگلیزی)
- پیتی خانەکانی (٤+٧) کۆ بکەیتەوە بە مانای (خواردنێکی کوردەوارییە بە مەشکە ئامادە دەکرێت)
- پیتی خانەکانی (١+٢+٦) کۆبکەیتەوە بە مانای (ئەو کەسەی برای باوکتە)
- پیتی خانەکانی (٣+٧) کۆ بکەیتەوە بە مانای (ئەنجامی ٣ جاران ٣)!

* وەڵامی ژمارەی پێشوو وشەی (جۆنی دیب) بوو